# توێژەری کۆمەڵایەتی، وەک کائینکی بێدەنگکراو



بەشی یەکەم
خالید عەبدولکەریم

فراوانبون و زۆربونی پسپۆرو توێژەرانی بوارە کۆمەڵایەتی و دەورونیەکان پێویستی و لەهەمانکاتدا خەسڵەتی سەردەمی ئێستاییە، کە بە پێشکەوتنی زۆربەی بوارەکانی ژیان ناسراوە، هەندێ لە توێژەرەکان وای بۆدەچن لەدوای مۆدێرنێتەو و دروست بونی کۆمەڵگەی ئاڵۆز و پڕئیش، کێشە ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و جەسەدییەکانی مرۆڤ روی لە زیاد بون کرد، بۆیە چەندین زانست چوە مەیدانی ئەکادیمیا و سەربەخۆی خۆی وەرگرت بۆ لێکۆڵینەوە لەو دیاردانەی کە لە ئەنجامی برینی قۆناغەکانی مرۆڤ بۆ قۆناغێکی تر بۆی بەجێماوە و بەجێدەمێنێت، لەبەر ئەوەی نەخۆشی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە و یاساکانی رابردو بەکەڵکی بارودۆخی نوێ نایەن و دەبێ لەشۆێنی خۆیدا هەڵبگیردرێن، وەکو دەرمان وایە، ئیکسپایەر دەبێ، یان لەشۆێن و کاتی خۆی بەکار نەهێنرێ و زیادە ڕەوی تیابکرێ دەبێتە نەخۆشی، بەهەمان شێوە زانستێ یان بوارێکی پسپۆڕی دیاریکراو ناتوانێ کاری خۆی بکات و خوێندنەوەی خۆی هەبێت و چارسەریش بخاتە روو لەکاتی گواستنەوە و بازدانی کۆمەڵگە بۆ قۆناغێکی تر، بۆ نمونە کاتێ کۆمەڵگەکان هەنگاو دەنێین لە قۆناغی کشتوکاڵیەوە بۆ قۆناغێ پیشەسازی ئەوا کۆمەڵێ دیاردە بەجێ دەمێنێ و کۆمەڵی تریش زیادەبن، عورف و عادات، یان یاساکانی خێڵ و عەشیرەت کە لەپێشودا کۆلەکەی کۆمەڵگە بون و مەرجەعی زۆرینەی یاسا و ڕیساکان بون، تەنانەت لەبواری پزیشکیشدا دەبوایە پرسو ڕاوێژ بەسەرۆک عەشیرەت بکرایە بۆ پشکنین و زانینی نەخۆشیەکان(پەندێ هەیە دەڵێت کاتێ بوتڵی غاز داهاتوە، خەڵکی نەیانزانیوە چی یە، بردویانە بۆ سەرۆک عەشیرەتەکەیان تا پێانبڵێ چیە، ئەویش وتویەتی بۆ نازانن چییە؟ ئەمە مەمەو شیری حوشترە)، توانای ئەوەیان نیە هەڵسوکەوتی زانستی لەگەڵ ئەو دیاردە تازانەدا بکەن، لەدوای ئەوەی وڵاتانی پێشکەوتو وکۆمەڵگە کراوەکان، گرنگیان دا بە بەرهەمیهێنان و دروستکردن و هێنانە کایەی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ زۆر بوارەکان، دەرکەوت لایەنی ژیانی تر زیاتر پێویستی بەو بوارە پسپۆڕیە هەبو، تا وایلێهات هەمو کەناڵێکی ژیان، هەمو پنتەکانی پرۆسەی ژیان لەنێو دەزگاتایبەتمەندەکان دا، ، توێژەرێکی بۆ داهێنرا و پەیدابو.

لەهەرێمی کوردستان دا، کە بەپێی زۆربەی شارزەیان و توێژەرانی پسپۆڕ هێشتا قۆناغی کشتوکاڵیمان بەجێنەهێشتوە، یاساکانی سەردەمی خەباتی شاخ تێهەڵکیش و گونجاندنی بەسەردەمی ئێستای پێشکەوتن نەکراوە، زۆربەی عەقڵەکانی شاخ خۆیان بەمەرجەع دەزانن، لەدوای نەوەدەکانەوە تا ئێستاش هەر ئەوانن ڕێگر لە پێشوازیکردن لەپێشکەوتنە گرنگ و سەردەمیەکان، زەقترین نمونەشمان، مەیلی گەرانەوەی ئەو عەقڵە دەسەڵات بەدەستەیە بۆ لای ئەدەبیات و یاساکانی شاخ ئەوەتا لەماوەی رابردودا لەکەناڵی ڕاگەیاندنەکانی پیاوانی دەسەڵاتەوە باسی دروستکردنەوەی تیپ و لەشکرەکانی سەردەمی شاخ دەکرا بەدەهەزار چەکداری تفەنگ بەدەست و تفاقی شەڕەوە بچنەوە شاخەکان!!! ئەمە لەکاتێکدایە پێویستیمان زیاتر بە دەهەزار پسپۆڕی دەرونی و کۆمەڵایەتی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەشۆێنەوارەکانی خەباتی شاخ کە بەهۆی قۆرخکردنیەوە لەشاردا و لەلایەن چەند بنەماڵەو کەسێکەوە چەندەها دیاردە و کێشە و سەیر و سەمەرەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەرونی و ئابوری لەگەڵ خۆیدا هێنا و خەڵکی کوردستانی خستە تەنگوچەڵەمەیەکەوە بە ئاسانی لێی رزگاری نابێت.وڵاتی ئێمە هەژارە لەبواری پسپۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا، ئەوەی ئێستا هەیە، بەژمارەیە کەم نەبێت کە ساڵانە زانکۆکانی کوردستان بەرهەمی دەهێنێ لە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەرونی و دەیاننێرێتە شۆێنێ کە ڕۆلیان پاسیڤ دەکرێ و ناتوانن وەک ئەوەی هەن شۆێنی دەستیان دیاربێت، حیزبەکان بەتایبەتی ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستە مەکتەبی کۆمەڵایەتیان داناوەو ساڵانە بە پارەی خەیاڵی لوشدەدات وئەوانیش خەریکی ساغکردنەوەی یاسا و ڕیسا خێڵبازی و پەرستین، لە وڵاتانی تریش زۆر پێشکەوتوەکان نا، تەنانەت لەهەندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا ئەوانەی کە حوکمی ئیمارەتیان تیا پەیرەو دەکرێ، لەنمونەی کوەیت گەورەترین مەکتەبی کۆمەڵایەتی تێدایە وپسپۆڕە ئەکادیمیەکان بەڕێوەی دەبەن و ساڵانە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر، دیاردەو کێشە کۆمەڵایەتیەکان، نەخۆشیە دەرونی و جەسەدییەکان، ئەنجام دەدرێ و سودێکی زۆری دەبێ بۆ چۆنیەتی خۆپاراستن و دۆزینەوە و دواجار چارەسەر کردنی ئەو حاڵەتانە،

## لەکوێی دونیادا هەبوە، بەندیخانەیەکی چاکسازی کەسێکی عەسکەری بەڕێوەبەری بێت؟

بەڵام لە کوردستان دا، ئەوەی مشکی و جامانەی بەسەرەوە نەبێت و ساڵانە نەچێ بۆ ڤیستڤاڵی ئیل بەگی جاف و لەوێ پەیمان نەبەستێ و زۆر جار بەیعەت نەکا بە سەرۆک عەشیرەت و ئەوانەی خەریکی کاسبی ئەو بوارەن، ئەوا بەپسپۆڕی کۆمەڵایەتی ناژمێردرێ و مەگەر هەر بەدوای دامەزراندن دا وێڵبێت، کەچی لەدواجاریش دا دەبینین واقیعی کۆمەڵایەتی لە کوردستان دا چەندین نەخۆشی تیادەمێنێتەوە و سەختر دەبێت کە ئاسەواری دەرونی و خێزانی و ئابوری خراپ بەجێدەهێڵێ و هیچ دەزگایە نیە گرنگی بەو لایەنە بدات و پسپۆڕی بۆ پەیدا بکا کە ئەمەیان زۆر پێویستە، بەدەر لەوەی لەبواری پەروەردەیی ئێمەدا لە قوتابخانەکانەوە بیگرە تا ناو وەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە تێبگا لە گرنگی توێژەری کۆمەڵایەتی و ئەرک و مافی خۆی بۆ دیاریبکات، و هەوڵبدات شێوازی بەرهەمێهنان و پەیدا کردن و ڕۆڵەکەی بگۆڕێ، ژمارەیەکی کەمی توێژەر نەبێت لەقوتابخانەکان دا دامەزراون ئەوانیش بەدەست بیرۆکراسی و مودیری سەردەمەوە گیریان خواردە، توێژەر چۆن دەتوانێ مودیری تێبگەیەنێ کە قوتابخانە شۆێنی خۆسەپاندن نیە ، قوتابی مێگەل نیە؟ (لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ زۆربەی مودیرە ئازیزەکان بەرۆحێکی پەروەردەی سەردەمیانەوە کار دەکەن)، توێژەر چۆن دەتوانێ لەوانە تێبگا وا دەزانن و حاڵیکراون کە قوتابخانە کۆمیتەی حیزبیە،

توێژەر باسی گرنگی وبایەخی بە ئاگایی هەڵسوکەوتی مامۆستای بۆ بکا لەگەڵ قوتابیەکان دا، ئەو وادەزانێ گۆێزی بۆ دەژمێرێ و تەنیا چاوەڕێی سەری مانگیەتی ، وەک باسدەکرێ مودیری قوتابخانەیە لە سلێمانی بانملی قوتابیە دەگرێ و فرێیدەداتە ژووری توێژەرێکەوە دەڵێت: تۆ ئائەمەم بۆ چاکبکە ئەگەر توێژەری!!! لەکاتێکدا خودی بەڕێوەبەرەکە پێویستی بەچارەسەری پەروەردەییانە هەیە و لەسەر وەزارەتی پەروەردە پێویستە پێی هەستێت. هاورێیەکم توێژەری کۆمەڵایەتیە لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی لە سلێمانی، بۆیگێرامەوە سەرەتای دەستبەکاربونی دونیایە کێشە روی لەخۆی کردوە، واتا لەلایەن خودی مامۆستاکانەوە ، تا فریایکەوتون و پەروەردەش ماڵیئاوا ئیدارەکەی تێگەیاندوە کە سیستەمی نۆی خۆێندن بە هەبونی توێژەر دێتە دی نەک ڕاوانی.

ئەوەی وەک توێژەری کۆمەڵایەتی دامەزراوە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کە دەبێت شۆێنی وەزارەتی پسپۆڕان بێ لەبوارەکانی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی (ئەنپرۆپۆلۆجیا)..... ، بەڵام ئەوانەی پۆستی باڵایان هەیە لەو وەزارەتەدا دوورن لەپسپۆڕێتی ئەو بوارانەوە، یا لەکوێ دونیادا هەبوە، بەندیخانەیەکی چاکسازی سەر بەو وەزارەتە کەسێکی عەسکەری بەڕێوەبەری بێت سیفاتەکانی نەخۆێنەواری تیا بەرجەستە بێت؟ بۆیە دەبینین ئەو توێژەرانەی لەو وەزارەتەدا دامەزراون گیریانخواردوە بەدەستی کەسی نەخۆێنەوار و ناپسپۆڕی کۆمەڵایەتیەوە، توێژەر چۆن دەتوانێ ڕۆڵی خۆی هەبێت لە بەندیخانەیەکدا کەبەڕێوەبەرەکەی بە کلیک کردنی سەرماوسی کۆمپیوتەر بڵێ کلیپ!! توێژەر چۆن دەتوانێ توێژینەوە بکا لە سەر دیاردەکانی نێو زیندان، بۆ ئەوەی کاریگەری پۆزەتیڤ لەسەر بیرکردنەوەی بەندیەکان دابنێ، و وەک تاکێکی ئەکتیڤ بینێرێتەوە ناو کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هەڵەکانی ڕابردوی دوبارە نەکاتەوە، لەکاتێکدا توێژەر لە ژێر دەستی بەڕێوەبەرێکدا کار بکات، بە زیندانیەکان بڵێ ئەم سەگبابە لای ئێمە بوایە دەمانتۆپان و فرێماندەدایە نێو چاڵە شۆڤڵەکانی گەرمیانەوە(کێشەیە لەو جۆرە لەبەندیخانەیە کوردستان لەچەند ساڵی ڕابردودا رویدا و لەڕۆژنامەی چاودێر پۆختی ئەو بارودۆخە لەلایەن توێژەرێکی دەرونیەوە خرایە روو)، بەشێ لە کێشەکانی نێو کۆمەڵگە دەگەرێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە کە بۆ خودی توێژەر دروستکراوە، ئەگینا توێژەر دەتوانێ ڕۆڵی گەورە بگێرێ و نکۆڵی لەوە ناکرێت شۆێنی دەستیان دیار دەبێت، بەڵام سەنتەرێ ڕینمایی دەرونی و کۆمەڵایەتی بکرێتەوە کە ئەمەش پێویستی هەمو شارو شارۆچکەیەکە، توێژەری دەرونی و پسپۆڕی تیا نەبێت ناوی دەنێی چی؟ یان بەڕێوەبەرەکەی لانیکەم خاوەنی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس نەبێت لەبواری پەیوەندیداردا ئەو سەنتەرە ناو دەنێی چی؟

# بنەمای بڕیار

ئەبو عەلی-کفری

منداڵ-بێ ئەقڵ-شێت لە یاسادا پی ی ئەوتریت(ناقص الاهلیه) واتا ناتەواو لە کارامەیدا لە روی یاسایەوە کار بەبریار و بەڵین و شایەتی ئەو جۆرە کەسانە ناکریت چونکە ئەو کەسانە خێرو شەری خۆیان نازانن بۆیە قسەو بڕیارەکانیان بێ بنەمایە ئەگەر کاریش بەهەر بڕیارو هەڵویستێکی بێ بنەما بکریت ئەوە کۆمەڵگە سەقەت ئەبیت.

پێم وایە بریار و هەڵوێستی ئەو کەسانەش کەوا لەسەر بنەمای سۆزەوە دێنە کایەوە ئەوانەش بڕیار وهەڵویستێکی بێ بنەمایە بەتایبەت ئەو بریارو هەڵویستانەی وا پەیوەندی هەیە بە دوا ڕۆژی میلەتەوە هەقە خاوەنەکانی بخرێنە خا نەی (ناقص الاهلیه) وە ئیمامی عەلیش رەزای خوای لێ بیت وتویەتی (هناک قوتان فی الانسان احدهما مصیبه واخری مخطئة وهما العقل و العاطفة)واتا دوو هێز لە ئادەمی زادا بە دی ئەکریت یەکیکیان لە نیشان ئەدات ئەوی کەیان لە نیشان نادات ئەوانەش ئەقل و سۆزن دیارە حیکمەت لەو وتە بە نرخە ئەوەیە کە کار بە عەقڵ بکرێت نەک بە سۆز چونکە کاری عاقڵانە بنەمای زانستی هەیە و کاری سۆزانەش بە پێچەوانەوە.بە هەمان شێوەش لە ئاستی نەتەوایەتیدا هەقە هەر بریارو هەڵوێستیک ئەگەر بەرژەوەندیە گشتیەکانی گەلی تیادا مسۆگەر نەبیت بە بریار و هەلوێسستێکی بێ بنەما لە قەڵەم بدرێت وخاوەنەکانیشی راپێچی خانەی (ناقص الاهلیه) بکرێن.

ئەوەی جیاوازی دروست ئەکات لە نێوان کەسانی(کامل الاهلیه و ناقص الاهلیه)دا گەرانە بە دوای بنەما زانیستیەکانی بریارو هەڵویستەکاندا هەر بریار و هەڵوێستەیەک لە دوای هەوڵ و ماندو بوون و بیرکردنەوەیەکی زۆر پەیدا ببیت ئەوە ئەچێتە خانەی بڕیارە باشەکانەوە و بەرژەوەندیەکانی گەلی تیادا مسۆگەر ئەبێت بە پێچەوانەشەوە گەل توشی سەرلێشێوان و نەگبەتی ئەبێتەوە بە تایبەت کۆمەڵگەیەک وەکو کۆمەڵگەی کوردەواری کە دوژمنەکانی لە هەمو ئان و ساتێکدا بۆیان بلویت لوشمان ئەکەن ئەو دوژمنانە هەر چەندە ناکۆکی و ململانیان لە نێواندا هەبێت بەڵام بەرانبەر بە کورد یەک هەڵویست و کۆکن بۆیە دەسکەوتەکانیشمان جارێک لە ژێر مەترسیدان لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایە چۆون بنەمای زانستی بریارەکان دیاری ئەکرین بۆ نمونە لە هەڵسەنگاندنی ئەدائی دەسەڵات دارانی حیزبی و حکومی لە کوردستاندا .

پێم وایە بۆ گەیشتن بە ئەنجامیکی باش و دروست کۆمەڵگە جگە لە هەڵسەنگاندنی ویژدانانەی خۆی پشت ببەستیت بە ئەنجامی راپرسیەکی سەرتاسەریەوە لە ناو هەمو چین توێژەکانی کوردستاندا لە ریگای ئەو کەسانەی کە خۆی لە رابردودا متمانەی پێ بەخشیون یان ئەو کەسانەی کە ئەمرۆ کار ئەکەن لە ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەتدا یان هەر گروپێکی تری بێ لایەن بۆ دیاری کردنی .

١-ئایا ئاستی بژێوی و رۆشنبیری و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. بە بەراورد لە چاو ساڵەکانی پێشودا؟

٢-ئایا یەک دەنگی و یەک ریزی کورد پارێزراوە بەرامبەر بە نەیارەکانی ؟

٣-ئایا لە رەشنوس کردنی دەستور و مل ملانێکاندا سەبارەت بە ناوچە ناکۆکی لە سەرەکان رۆڵی بەرچاو بینراوە؟

٤-ئایا هەنگاوی باش نراوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا؟

٥-ئایا سەر و ماڵی هاوڵاتیانی کوردستان لە شار و شارۆچکەکاندا پارێزراوە بە بەراورد لە چاو شارەکانی تری عێراقدا؟

حەقە ئەنجامی راپرسیەکی لەم شێوەیە بە هەند وەر بگیرێت بۆ هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بە وەی ئایە هەوڵی گۆران بدرێت لە سیستەمی بەرێوەبردنی هەرێمدا یان نا؟ئەگەر زۆربەی وەڵامەکانم بە بەڵێ بوو ئەو کات حەقە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بشتگیری تەواو بکەن لە سیستەمی بەرێوەبردن.چونکە ئەگەر وا نەبن ئەوە کفری نیعمەت ئەکەن هەر کۆمەڵگەیەکیش کفری نیعمەت بکات خوا رەحمی لێ ناکات.هەموو کەس ئەزانێت کە بە درێژای مێژوو کورد خۆشگوزەرانی ئەمرۆی بە خۆیەوە نەبینیوە و ئەم داهاتەی کە ئەمرۆ بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای کوردی سەرف دەکرێت هەتا وەکو دوێنێ ئەدرا بە بۆم و کیمیاوی ئەدرا بە سەرماندا و شاباشی پێوە دەکرا لە سەر حسابی ئەم گەلە ستەم دیدە من بۆ خۆم دڵنیام لە ویژدان و وەفاداری کۆمەڵگا.



# هەڵبژاردن

میقداد شاکەلی

پێویستە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پارلەمانی کوردستان جیاوازتر بێت لە هەڵبژاردنی پێشوو، چونکە وردە وردە خەریکە فێری ئیدارەدان و ئەدای ئیشەکان دەبین و هەم لەرووی میکانیزمی ئیشوکارەوە دەتوانین ستراتیژیەتی نوێ بهێنینە سەر ئەرزی واقیع، ئەگەر بمانەوێ لەبەر ئەوە تارادەیەکی باش پارەمان لەبەر دەستە و ئارامی و ئاسایشیش فەراهەمە، تەنها پێویستمان بەعەقڵیەتی کارکردنە بەشێوەیەکی مۆدێرن، ئەمەش وانازانم زۆر ئەستەم بێت... جگە لەوەی لەناو گۆرەپانی سیاسی وڵاتدا خەریکە دەنگی جیاواز، جیاواز دروست دەبێت، ئەمەش لەفەزای دیموکراسیدا شتێکی زەر ئاسایی و ئیجابیە و بگرە بناغەیەکی چاکترو تۆکمەتر دروست دەکات لەراپەراندنی ئیشوکارو ئاوردانەوەی جدی لەبوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزاری، بەمەرجێ بتوانین وەکو وڵاتە دیموکراسیەکان مومارەسەی هەڵبژاردن بکەین.

ئەگەر خەڵکی لەم چوارساڵەی پێشودا بەئەندازەیەک لەئەدای حکومەت و ساردوسری پەرلەمانی روانیبێت، مانای ئەوە ناگەیەنێ هیچیان نەکردبێت و خەتێکی راست و چەپی پیا بهێنرێت، بەڵکو ئەوەی لێی چاوەروانبوین رەنگە نەکرا، ئەگەر نا لەحەقیقەتدا لەم مودەیە زۆر بریاری باشیان کردە یاساو زۆر یاساشیان هەموار کرد و چەندین پرۆژەیشیان راڤەکردو جێبەجیکرد... رەنگە جۆرێک لەساردوسڕی و ئیعتیبار دانان بۆ هەندێ مەسەلە وای کردبێت چاویان لەبڕێ شت داپۆشیبێت، بەڵام ئەمجارەیان مەفروزە بە دەموچاوی تازەو بەرنامەی ئەکتیڤەوە قۆڵی لێهەڵبماڵرێت وەکو پەرلەمانەکانی ئەوروپا دەستبکات بە راپەراندنی ئیشوکارەکانیان و لەهیچ کەس و لەهیچ گەندەڵی و هەر دیاردەیەکی نایاسایی چاونەنوقێنن و بوێرانە راپێچی پارلەمان بکرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

لەراستیدا زۆر پێویستە ئەو کەش و هەوا تەمومژاویە لەناو دڵ و دەروونی بیرکردنەوەی خەڵکیدا برەوێنرێتەوە و کەش هەوایەکی ساماڵ و بێخەوشیان بۆ دەستەبەر بکرێت، دیارە ئەوەیش بەگژاچونەوەی گەندەڵی و رۆتینە لەسەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، دەبێت شۆرشێک لەدژی نایاسایی و خزم و خزمێنە و تەزکیەی حزبی بکرێت و هەرکەسێک ئیشی کردبێت بۆ لاوازکردنی پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگاکانی حەقوایە نەهێڵێرێت لەوە زیاتر درێژەی پێدابێت و متمانەی لێبسێنرێتەوە. چونکە دەبێت لەسەروی هەموو شتێکەوە وڵاتەکەمان لاگرنگ بێت و خۆشمان بوێت!!

دەبێت (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) پاکماڵێکی خۆیان بکەن و لەئەدای ئیشوکارەکانیان و بەهەردوو دەستیان دڵی هاوڵاتی کورد رابگرن و لەو دڵەراوکێیە دەریانچێنن کە زۆر لایەن و زۆر دەسیسە کار بۆ ئەوە دەکەن لێیان بترازێنن و بەهەڵە فۆرماتی دەماغیان دەکەن، دەبێت لەو واقیعە رانەکەن کە پێگەی جەماوەریتان وەکو جاران نیە وانەزانن وڵات کشوماتە!

نابێت رابردوو بکەنە پێوەرو بۆ ئێستا و داهاتووتان، ئەوەی ئێستا میللەت لەئێوەی دەوێت خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و ئاسایشە کە بەردەوام ئیشی بۆ دەکەن و نەوەستاون، دڵنیاشم هەموو ئەوانە لەئێوەوە دەتوانرێت دەستەبەر بکرێت ئەگەر مەیلتان لێبێت! چونکە ئەزمونێکی تارادەیەک باشتان هەیە و کەسیش ناتوانێت حاشا لەوە بکات بەمەرجێ خۆتان نوێ بکەنەوە و مشەخۆرو گەندەڵ و کەم تواناکان دوور بخەنەوە....